3- مێژووی مەلەوانی لە عێراق (تاريخ السباحة في العراق):

مێژوودا عێراق بەدۆڵی رافیدین ناسراوە ئەوەش لەبەر تێپەڕ بوونی هەردوو زێی (دیجلە وفورات) بەناویدا کەهۆکارێك بووە بۆ دروستبوونی شارستانیەکانی سۆمەری وبابلی وئاشووری ئەوانی تر، بونیات نەرانی ئەم شارستانیەتیانە مەلەوانیان وەك شێوازێکی مەشقی سەربازی بەکارهێناوە، لە وەرزی هاویندا منداڵ ولاوانی دۆڵی رافیدەین سروشتیانە یا لەژێر چاودێری پیاوە بەتەمەنە شارەزاکانی لەمەلەوانی وەرزشی مەلەوانیان ئە نجام داوە.

لە ساڵی (1936) یەکەم مەلەوانگە دروستکرا لەحەبانییە ویەکێکی تر لەشعبیە لەلایەن سوپای ئینگلیزەکان بوو ، ئەم مەلەوانگانە بۆ کات بەسەر بردنی سەربازانی سوپای ئینگلیزی دروست کران، دواتر مەلەوانگەیەکی تر لە بنکەی مەشق وراهێنانی وەرزشی بەغدا (دار التدريب الرياضي) لە ساڵی (1938) دروستکرا ولەهەمان کاتدا یەکێکی تر لە ناوچەی (امانة العاصمة) پاشان لە ساڵی (1940) مەلەوانگەیەك لە(یانەی العلوية) بنیات نرا، ئەوەبوو لە ساڵی (1954) یەکێتی مەلەوانی عێراقی دامەزرا، بەلاّم ئەم یەکێتیە گرنگی زیاتری بۆ مەلەوانی ماوە درێژ بوو کەمتر گرنگی بۆ ئەو چالاکیانە بوو کە لەخولی ئۆلۆمپی ماوەیان بۆ دیاری کراوە ئەوەش لەبەر نەبوونی ژمارەی مەلەوانگەی پێویست بۆ راهێنانی یاریزانان وەنەبوونی راهێنەری پسپۆر وتایبە تمەند بۆ راهێنان وئامادەکردنی یاریزان لەوکاتدا.

لە ساڵی (1956) لەیەکەم پێشبڕکێ بۆ مەلەوانی ماوە درێژی (42 کم) کەلە پاڵەوانیەتی (صیدا) لەبەیروت بۆ ولاّتانی عەرەبی رێکخرا عێراق توانی پلەی یەکەمی پاڵەوانیەتیەکە بەدەست بێنێت، وەلەساڵی (1957) بەشداری کرد لە پێشبڕکێکانی (الکابری) لەناپۆلی – ئیتاڵیا بۆ ماوەی (32 کم) وماوەی (33 کم) لە (المناش) ساڵی (1959) لە ساڵی (1960) ناپۆلی لە پێشبڕکێی (الکابری) بۆ ماوەی (33کم) وەپێشبڕکێی (یۆغسلافیا) بۆماوەی (33کم) و بەشداری کرد لە خولی ولاّتانی ئاسیای ساڵی (1974) لە شاری (تاران) وخولی ولاّتانی ئاسیای پاڵەوانیەتی (بانکۆك) لەساڵی (1978) وەپاڵەوانیەتی هند بۆ ولاّتانی ئاسیا ساڵی (1982) وەپاڵەوانیەتی کەنداو ساڵی (1977) لە کوێت کەلەوەیاندا پلەی یەکەمی وەدەستهێنا.

لەسەرەتای دروستکردنی بەشی راهێنانی جەستەیی لەساڵی (1938) تا بنیاتنانی (پەیمانگای بالاّ بۆ پەروەردەی جەستەیی) لە ساڵی (1952) وەپاشان دامەزراندنی (کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی) لەساڵی (1967) وەرزشی مەلەوانی پشکێکی کەمی هەبوو لە پرۆگرامی خوێندن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕاوە کەلەو دامەزراوانە مەلەوانگە نەبوون تاکو قوتابیان وانەی مەلەوانی تێدا بخوێنن ئەوە سەرەڕای نەبوونی مامۆستای پسپۆری ئەم وانەیە، بۆیە بەشێکی زۆری دەرچوانی ئەم دامەزراوانە مەلەوانیان نەدەزانی، لە ساڵی (1964) یەکەم مەلەوانگە بۆ پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی (کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی) ئێستا دروست کرا بە درێژی (25 × 12 م) وەقوڵیەکەی بۆ دوو بەش دابەش کرابوو بەشی قوڵی (3.5 م) بوو بەشی تەنکاو، دوو سەکۆی هەبوو بۆ خۆهەڵدانە ناو ئاو یەکیان بەرزیەکەی (1 م) و ئەوەی تریان (3م) بوو، بۆ یەکەم جار لە ساڵی (1978) قوتابیانی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی تیۆری وپراکتیکی وانەی مەلەوانیان خوێند، وەلەساڵی (1982) وانەی مەلەوانی بووە یەکێك لەوانەکانی خوێندنی قوناغی دووەمی کۆلیژ وخرایە ناو پراگرامی نوێی خوێندنەوە، وەلەساڵی (1983) وانەی مەلەوانی بە قوتابیە کچەکانیش دەوترایەوە لەمەلەوانگەی داخراوی قادسیە کەمەلەوانگەیەکی ئۆلۆمپی لەسەر درێژی (50 ×21 م) بە قوڵی (1.80 م) بۆ یەکەم جاریش بوو کەقوتابیانی کور وکچ وانەی مەلەوانیان خوێند لەم ناوچەی قوڵی(1.80م) ، وەلەساڵی (1982) مەلەوانگەی زانکۆی موسل کرایەوە وقوتابیان تێیدا دەستیان بەوانە خوێندن کرد بەشێوەی کردارەکی، لەسەرەتای ساڵی (1985) کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی لەجادریە مەلەوانگەیەکی ئامادەکرد بۆ مەلەوانی و خۆ نقوم کردن.